

سەعید_خانە



سولەیمان



عەبدوڵلا

## بە بۆنەی سالوەگەری شەهیدبوونی هاوڕێ عەبدوڵلا موعینی!

### کورتەژیاننامە و یادێک لە موعینیەکان.

مەرگی کاک سولەیمانی موعینی ڕێکەوتە دەگەڵ1968/5/15 ئەگەر بەدروستی لەبیرم مابێ؟ دەنا رۆژی 5/17 بوە، بەهەرحاڵ لەمانگی بانەمەڕی 1347 دا ئەو تراژیدیایە رووی داوە. ماوەیەک لەوە پێش بوو، بەدڵمداهات ئەگەر بکری بەبۆنەی ساڵوەگەری ئەو جوانەمەرگە بەناهەق خوێنڕژاوە لەلایەن حیزبەکەیەوە یادێکی لێبکرێتەوە، هەم دەبێتە وەفا و ئەمەگ بۆحیزبی دێموکراتی کوردستان، هەمیش دەبێتە سووک کردنی ئێش و ئازارەکانی بنەماڵە و نزیکانی. بۆ ئەو مەبەستە دەگەڵ لێپرسراوێکی حدک لە دەرەوەی وڵات پێوەندیم گرت پیمگوت... دواتر بە ئیمێل بە ڕێکی بۆم نووسی کە: مەبەست لەو یادکردنەوەیە، لابردنی قتماغەی سەر کۆنە برینەکان نیە! دەکرێ ئەو یادە بە ئەدەبیاتێکی شیاو، لەو لەخویندا‌خەوتوە بکرێتەوە بێ ئەوەی هیچ زیانێک بە پەزەکان بگات!
بەداخەوە ئاواتەکەم بێ ئاکام ما، ئەو یادەیان نەکردەوەو تائێستاش هۆی ئەو یاد نەکردنەوەیەم بۆ ڕوون نەبۆتەوە؟ جارێ منیش لۆمەو گازندەکانی خۆم دەرنەبڕیوە سەبر دەگرم هەتا بەجۆرێک وەڵامەکەی خۆم وەردەگرمەوە.
هەروەها1347/3/30 _ ئاخر ڕۆژی جۆزەردان، رێکەوتە دەگەڵ شەهید بوونی کاک عەبدوڵلاموعینی کاک مینەشەم و حەسەن خوڕخورەیی. ماوەی نیوان شەهێد بوونی عەبدوڵلاو سولەیمان کەمتر لە40 رۆژە. ئێستا کە ساڵوەگەری عەبدوڵلاو مینە شەم و... بەدەرفەتی دەزانم بەبۆنەی شەهیدبوونی ئەو جوانەمەرگانە، وەک وەفای هاوڕێیەتی ئەو سەردەمە، بەگشتی یادێک لە موعینیەکان بکەمەوە:

_ سولەیمانی موعینی و عەبدوڵلای موعینی، دوو کادری چالاکی حیزبی دێموراتی کوردستان بوون. لە کۆنگرەی2ی حدک دا لە سەرماوەزی 1343ی هەتاوی، کاک سولەیمان بۆ ئەندامی ک. ن، کاک عەبدوڵلا بۆ ئەندامی چاوەدێری بەرز، هەڵبژێردران.
_ جۆڵانەوەی چەکداری، سیاسیساڵەکانی 46_47ی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، کە بە"کومیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان"، ناوی دەرکردوە بۆخەڵکی کوردستان ڕووداوێکی نائاشنا نیە. نەخشی بەرچاوی ئەو جوتە برایە، لەو جۆڵانەوەیەدا دەگەڵ کادرو پێشمەرگە کانی تری حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەکوو مەلائاوارە، شەریفزادە، و مەلامەحمودی زەنگەنەو مینە شەم و گشت ئەو کادرو پێشمەرگانەی کە لەو رووداوەدا، بوون بە فیدای نیشتیمان، شتێکی شاراوەو ڕازێکی سەر بە مۆرنیە. ئەوانەی لەو ڕیبازەدا دەگەڵ ئەوان شەهید بوون، ئێستا ئەوانە گشتیان، لەمێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بوونەتە ڕەمزی خۆڕاگری و قارەمانی نەتەوەی خۆیان و جێگای شانازی نیشتیمانپەروانی کوردستان!

_ هەتا ئێستا بەدەیان جار ناوی کۆمیتەی "ئینقلابی" لە ئەدەبیاتی سیاسی ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوی براوە. خوێنی بەناهەق ڕژاو و فیداکاری موعینیەکان بە ناوی ئەو کۆمیتەیە، لە سەردەم زاران بیستراوە ودەبیسترێ!

جێگای خۆیەتی کە لێرە باسی ئەوە بکەین: ئەو کۆمیتەیەی کە لە گوندی "ئالانە"ی ناوچەی باڵەکی باشووری کوردستان، لەلایەن چەند کەسێک کە، کاک سەعید کویستانی لە کتێبەکەی خۆیدا ناوی بردوون و، لێرەدا جێگای باس نین. هیچ پێوەندێکی سیاسی و ئورگانیان، بە جۆلانەوەی چەکداری _سیاسی 46_47وە نیە. ئەو کۆمیتەیە تەنیا هەر ناوی نرا و دوای کورتە ماوەیەک لە سەر لاپەڕەی مێژوو، کوژایەوە! باسی ئەو کۆمیتەیە،لیرەدا خۆی پرسیار زۆر بەدوای خۆیدا دێنێ! من کورتەیەکم لە: "لاپەرەیەک لەتێکۆشان وجۆلانەوەی ساڵەکانی 46_47ناوم بردون، چۆنایەتی دروستبوون و بڵاو بوونیانیشم باس کردوە.

بەهەرحاڵ ئەگەر ئێمە خۆمان دەگەڵ یەکتر ڕاستگۆ نەبین، بە موخلیسی و سەداقەت و ئەمانەتەوە، ڕابردوی خۆمان و نەتەوەکەمان نەدەینە بەرباس و لێکۆلینەوە کێ باسی ئەو ڕووداو بەسەرهاتە سەر بەپۆشانەمان بۆباس دەکا و ڕوون دەکاتەوە؟ ڕازە نەگوتراوەکانی جۆلانەوەی نەتەوەکەمان کێ دەیاندەرکێنێ؟

بێگومان.هیچ ڕووداو و بەسەرهاتێک بۆ هەمیشە لەقەڵەم ناکەوێ، هۆی ڕاپەرینەکان و چۆنایەتی و چەندایەتی و هەلومەرجی سەردەمو... ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ بەرەی داهاتوو دەدرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. دڵنیام ڕووداوی موعینیەکان وهاوڕێکانیشیان، ئەگەر هەتا ئێستاش نەبووبن بە بەشێک لەمێژو؟ لە داهاتوودا، دەبن بە بەشێکی دانەبراو لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستان.

******

بابەتەکەی ئێمە،یادێکە لەموعینیەکان، بەکورتە ژیانی ئەوانەوە. زێدەگۆیی و نکول کردنی ئێمە هیچ لە شان و شەوکەتی ئەوان کەم ناکاتەوەو شتێکیش لەواقعییەت ناگۆڕێ! ژیان و مەرگی ئەوان، کارنامەی ڕابردووی خودی ئەوانە! مرۆڤ بەورد بوونەوەو چاوخشاندن بەسەر هەڵوێست و کرداریاندا، بەتایبەت کە لەو نامانەدا کە سولەیمان بۆ کاک کەریمی حیسامی نووسیوە، دەتوانێ لانیکەمی خاڵە بە هێزو لاوازەکانی ئەو جولانەوەیەو کەسایەتی و بڕوای پتەوی ئەوان سەبارەت بەچارەنووسی نەتەوەکەیان دەرک بکا. هەروەها دەردەکەوێ، کە ئەوان_ موعینیەکان وهاوڕێکانیان، کەسانی خاوەن ئەندیشەی بێ کردەوە نەبوون! کەسانیک بوون بیری بێ کردەوەیان بەلاوە پەسند نەبوە. بێ گوتن ودەربرین: بەکردەوە، وەفاو ئەمەگ و سەداقەتی خۆیان، سەبارەت بەنەتەوەکەیان نیشانی داوە! نە لە مەترسی سڵەیان کردوە، نە لە مەرگ ترساون، نە هەرگیز وتەی بێ کردەوەیان کردە دروشمی خۆیان...! بە واتایەکی تر، دەتوانین بەو جۆرەی تەعبیربکەین: کە بەراستی، دەرسی خەباتی ڕزگاریخوازیان بە ڕەوانی لەبەر کرد بوو: چەوساوەیی و بێ بەشی نەتەوەکەیان و داگیرکراوی نیشتیمانەکەیان، باش دەرک کرد بوو. ئەڤیندارانە، ئاشقی چیاوچول و نیشتیمانەکەیان بوون و نەتەوە چەوساوەکەی خۆیان لە قولایی دڵەوە خۆش ویستوە، جگە لەوان، نەبیریان لەشتێکی تر کردۆتەوەو نەهیچی تریان هاتۆتە بەر چاو. هەربۆیە بوو کە خەباتی دژی بێ عەداڵەتیان هەڵبژاردو لەو پێناوە داخۆیان کردە قوربانی ئەو ڕێبازە. ئەوان بە ئاگاییەوە ئەو شەقامە ڕێگایەیان گرتەبەر. نە چاویلکەی کەسیان لە چاوی خۆیانکرد، نە بیروبۆچوونیان دەگەڵ هیچ کالایەک گۆڕیەوەو مامڵە پیکرد.

داستانی موعینیەکان و هاوڕێکانیان، لە جۆلانەوەی خەباتی ڕزگاریخوای ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، بەگشتی خەسارەتێکی گەلێک مەزن بوو، بەتایبەت لەسەربنەماڵەی شەهیدەکان، بەنرخێکی گران وەستا! بەڵام لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیدا، هەریەکەی بوونەتە ئەستیرەیەکی گەشی ئاسمانی کوردەواری، هەرگیز شۆق وشەبەقیان لەدرەوشانەوە ناکەوێ. جێگای شانازین و خەڵکی کوردستان بە قارەمانی نەتەوەیی خۆیانیان دەزانن! هەروا بەتەسادوف و ڕێکەوت نیە کە نووسەری ناودارو قەلەم بەدەستی کورد ئیبراهیمی یۆنسی "برایمۆک" دەیانکاتە قارەمانی داستانی ڕۆمانە بەچێژەکەی خۆی _ "هەتاسبەی ماڵئاوا"!...

ڕێکخراوە چەپەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و "ئێران" لە بۆنە تایبەتیەکانی خۆیاندا بەئەدەبیات و بۆچوونی خۆیان، گەلێک جار، یادی ئەو ڕووداوە نەمرو لەبیرنەچۆوە بە ڕیزەوە دەکەنەوە و بە بەرزی دەنرخێنن و درود بۆ گیانی پاکی شەهیدەکانی دەنێرن.

لە نێو حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەوانەی کەمتریادی ساڵوەگەری شەهێدەکانی ئەو ڕووداوە دەکەنەوە؛ دەتوانین ئاماژە بەحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستان، بکەین کە حیزبی خۆدی شەهیدەکانە و ئێستا لەتیان کردوە بۆتە دوو حیزب، یان _ دوو لەتە حیزب؟ ئەوان لە نێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، لەهەموو کەس پتر بەرلۆمن!

**کورتە ژیانی میرزاحەمەدەمینی موعینی:**

میرزاحەمەدەمین، سەرۆکی بنەماڵە، باوکی سولەیمان و عەبدوڵڵاو سەعید_خانە یە.
ناوبراو، کوڕی حاجی عەبدڵڵای موعینودەولە، لە دایکبووی ساڵی 1288هەتاوی1910ی زاینی یەو خەڵکی شاری مەهابادبوە. ناوبراو تەمەنی کەمتر لە6ساڵان دەبێ کە باوکی لەدەست دەدا. حاجی عەبدوڵڵای باوکی لە سەفەرێکی بازرگانیدابۆ دیوی باشووری کوردستان، لەگەڕانەوەدا، مامورەکانی حکومەتی عیراق، بۆسەی بۆدەنێنەوەو لە نزیک گوندی ماوەتی باشوری کوردستان، دەیدەنەبەر دەسرێژو دەیکوژن و ماڵ وسامانەکەشی بەتاڵان دەبەن. ئەو سەردەمە، وەک مێژووی لەدایکبوونی میرزاحەمەدەمین پێشانی دەدا، سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی دەبێ. کوردستان بەگشتی و شاری مهاباد بەتایبەتی، پێخوستی تورک و ڕووسان دەبێ. ئیتر وەک دەڵێن: لەسایەی ئەو جەنگەوە، ئەوەی لە کوردستان بوونی بوە _ کوشتاری خەڵکی کوردستان و هەژاری و نەداری و بێ دەرەتانی ونەخۆشیە جۆربەجۆرەکانی ئەو سەردەمە بوە و...
حەمەدەمینی کەم تەمەن، لەو هەلومەرجە دژوارەدا،کە سایەی باوکی لەسەرنامێنێ، زۆر بەسەختی وچەرمەسەری، رۆژگاری سەردەمی مێرمنداڵی تێدەپەڕێنێ. بەڵام بەتەواو بوونی جەنگی یەکەمی جیهانی، میرزاحەمەدەمینیش قۆناخە سەخت و ناخۆشەکانی رۆژگار وەپشت سەردەدا و تێدەپەڕینێ و ئەزمونێکی باشی لێوەردەگرێ. دەبێتە لاوێک، کوردە گوتەنی: " لەکڵ دەرهاتوو" و خاوەن مشورو فەراسەت، بەکورتی لە بواری کۆمەڵایەتیەوە و... لاوێکی بەمانای پوختەی سەردەمی خۆی. بە لەخۆڕادیوی دەست دەکات بە کاری بازرگانی و لەو مەیدانەدا دەتوانێ خێرا سەرکەوتن بە دەست بێنی.
ناوبراو لەساڵێ 1931 لە تەمەنی 21ساڵیدا دەگەڵ "زاراخانمی قادری" زەماوەندی هاوسەری پێکدێنن وساڵ و هەندێک دوای زەماوەندەکە، یەکەم منداڵیان کوڕێک دەبێ کە ناوی دەنێن "سولەیمان". بە دوای "سولەیمان" دا سێ کچیان دەبێ بە ناوەکانی" فاتیمە، پەریزاد، ئامینە، و کوڕێک کە، ناوی دەنێن"سەعید" بە_ "خانە" نێودێر دەکرێ.
میرزاحەمەدەمین کە پێشەی باوکی ڕەچاو دەکا، دەست دەکابە کاری بازرگانی لە هاتوچۆی شاری تەورێزدا، دەگەڵ خاتوو "زەری خانم" ئاشنا دەبێ دوای ماوەیەک وەک هاوسەری دووهەمی خۆی هەڵدەبژێرێ. لەو خانمەش چوارکوڕ وسێ کچیان دەبێ بە ناوەکانی، عەبدوڵڵا، جەعفەر، نەوید، مستەفا، سوڕییا، ڕەعناو فەریبا.
میرزاحەمەدەمین هەروەک لە کاری بازرگانیدا سەرکەوتوو دەبێ، لە بواری کۆمەڵایەتی و هەستی نەتەوایەتیشەوە، کەسایەتیەکی بەرچاوی سەردەمی خۆی دەبێ لە شاری مهاباد.
لە جەنگەی شەری دووهەمی جیهانیدا، دەبێ بە ئەندامی یەکەم ڕێکخراوی سیاسی ئەو سەر دەمە کە کۆمەڵەی "ژ. ک" _ ژێکاف، بوە. دوای ئەوە کە کۆمەڵەی ژێکاف دەکرێ بە حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە هۆی بەرچاوی و چالاکی، لە کابینەی کۆماری کوردستاندا، بە وەزیری ناوخۆی کوردستان هەڵدەبژێردرێ. میرزاحەمەدەمین موعینی، لەو ماوە کورتەی کۆماردا، ئەرکە دیاریکراوەکانی خۆی بە باشی ڕاپەڕاندوە.
ناوبراو، لەو سەردەمەدا کە کوردە گوتەنی "دەستی گەیشتۆتەوە دەمی خۆی" _ کەسێکی دەستڕۆیشتوو بوە، ماڵەکەی لە مهاباد شوێنی حاوانەوەی دیپلۆماتەکانی ئازەری و ڕووس و خاریجی بوە، کە لەو دەمەدا هاتوچۆی مهابادیانکردوە. خیزانی _ دایکی سولەیمان، هاوکارو هاوسەرێکی سەمیمی بە وەفابوە بۆ میرزاحەمەدەمین. بە جۆرێک کە لە ژیانی رۆژانەیدا، یارمەتیدەرێکی باش بوە و قورسایی زۆری لە سەرشان سووک کردوە...
میرزاحەمەدەمینی موعینی، دوای ڕووخانی کۆمارو لە داردانی پێشەوای نەمرو هاوڕێکانی، وەکوو زۆربەی هاوکارەکانی لەکار بەدەستانی کۆماری کوردستان، لە لایەن حکومەتی دیکتاتوری حەمە ڕەزشاوە، دەگیرێ ودەخرێتە بەندیخانەوەو حوکمی لە قەنارەدانی بەسەردا دەسەپێنن. دوایی بە چەور کردنی سمێڵی کاربەدستانی ڕژێم و دانی بەرتیل بەجینایەتکارانی شای ئێران، حوکمەکەی لەسەر سوک دەکرێ بەسێ3ساڵ، کە لە زیندانی شارەکانی مەهابادو تەورێزو ورمیی بەسەردەبا. دوای تەواو بوونی ماوەی بەندیخانەکەی، مەحکومی دەکەن بە10ساڵ دوورخستنەوە بۆشاری شیراز؛ کە ئەویش بەپارە لە بەرتیلخۆرانی حەمەڕەزاشا، دەکڕێتەوە! لە جیاتی شیراز دەیبەن بۆ تاران. ئەو ماوەیەی کە لە تاران دەبێ دیسان دەست دەکاتەوە بەکاری بازرگانی و بژیوی بنە ماڵەکەی خۆی سەربەرزانە دابین دەکا. پاشان لە سەر داوای ژن ومنداڵەکانی دەگەڕێتەوە بۆ مهاباد.

میرزاحەمەدەمین لە پێناو ڕزگاری نەتەوە چەوساوە بێ بەشەکەیدا، گەلێک ئازارو کوێرەوەری و چەرمەسەری و بەندیخانەو دوور خستنەوەی ڕژێمی سەرەڕۆی حەمە ڕەزاشا دەبینێ. بەندیخانە و ئازارو دوورخستنەوە ناتوانن ئێرادەو خۆڕاگری ئەو تێکبشکێنن. تاڵی وسوێریەکانی ڕۆژگار دەبێتە ئاویتەی بنەماڵەکەی و هەوینی خەباتی ڕزگاریخوازی، بۆمنداڵەکانی. ئیتر پێویست ناکات بۆ بەڵگە بگەڕێین، ئەو باوکی سولەیمان و عەبدلّلاو سەعیدە_خانە یە! بەڵگە لەوە زیندوو تر و زەقتر؟!

میرزاحەمەدەمینی موعینی، گەلێکی ئازارو ئەشکەنجەی گیانی و روحی چێشت و جەفای ڕۆژگاری زۆرکێشا، لە تەمەنی بەساڵداچوویی خۆیدا، داخی، مەرگی سێ جگەرگۆشەی هەلکەوتووی سەرگۆڕەپانی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستانیشی بەچاودیت و هاتە سەر دڵی. کۆنە ئێش و ئازارەکانی دڵی کولی، بە دیتنی تەرمی خوێناوی سولەیمان، عەبدوڵڵای بێ گۆرو گڵکۆ، سەعیدی لە خوێنداخەوتووی گۆر غەریب، قتماغەیان لە سەر لاچوو، برینەکان بەجارێ کولانەوە! جگە لەو پیرەمەزنە بە ساڵداچوە، کێ توانای هەڵگرتنی ئەو هەموو بارە خەمەی هەیە؟ دەردەکەی دەردێک نەبوو ئاسایی؛ بە هیچ پێوەرێک نەدەپێوراو هیچ قەپانێک نەیدەخوێندەوە! مرۆڤ دەتوانێ بەڕاشکاوی بێژێ کە سەرجەمی ژیان و سەربردەی ئەو باوکە مەزنە، زۆر لەوە تاڵترە کە گوتراوەو گەلێک درێژتر لەوەیە کە نوسراوە! ئەگەر کەسێکی خاوەن تواناو قەڵەم وێنا بکاو بینووسێ باوەرناکەم هەمووکەس توانای خوێندنەوی هەبێ؟

میرزاحەمەدەمین، لە 1991/12/25ی زایینی دا، سەر ئەنجام، لە تەمەنی81 ساڵیدا، لە شاری مهاباد، دڵە پڕلە ئێش و ئازارەکەی بەکۆڵێک ئاواتی وەدی نەهاتوویەوە، لە لیدان کەوت. بە سەرێکی بەرزو ویژدانێکی ئاسودە، ماڵئاوایی لە کوردستان و نەتەوە چەوساوەو ژێردەستەکەی کرد. گیانی بەرەو ژیانێکی ئەبەدی فڕی، بە دیمەن گەرچی بەڕواڵەت لەبەرچاو ونە، بەڵام یادی ئەو باوکە دڵسۆزو نیشتیمانپەروەرە، لە دلاندا بۆ هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێ و بەرەکانی داهاتووی کوردستان، یادی ئەو گەورە پیاوە، بە داستان بۆ یەکتر دەگێڕنەوەو درود بۆگیانی پاکی دەنێرن. یادی بە خێرو روحی شاد!

**کورتەیەک لەژیانی سولەیمانی موعینی "فایق ئەمین"**

...

کە تەختی بەختی کورد بێ خێو دەبینن_ "سولەیمانی" ئەسیری دێو دەبینن

بەناهەق خوێنی تێکۆشەر دەڕێژن_ شەهیدی بێ سەروبێ شوێن دەنێژن "هێمن"

: سولەیمانی موعینی کوری میرزاحەمەدەمینی موعینی یە کە پێشتر بەکورتە یادێک لە باوکی، باسی بنەماڵەکەمان کرد. سولەیمان یەکەم منداڵی بنەماڵەیەو لە دایکبووی 1311هەتاویەو لە سەردەمی کۆماردا مێرمنداڵێکی تەمەنی لە نێوان 10_12 ساڵان دابوە. لە سەردەمی کۆماردا بۆخویندن باوکی ناردویەتە تەورێز. دوای هاتنەوەی هیزی داگیرکەری حەمەرەزشاو داگیرکردنەوەی کۆماری میللی ئازربایجان و کوردستان، دەگەڕیتەوە مهاباد، لە قوتابخانەی ناوەندی "حەمەرەزاشای پەهلەوی" دریژە بەخویندن دەدا. سولەیمان وەکوو هەموو منداڵە کوردێک هەڵدانەکەی خێراو بەلەز دەبێ بۆ ئەوەی زوو "گوڵە خۆرە" بێ! ناوبراو، دەگەڵ لاوانی دڵ زیندووی سەردەمی خۆی، وەک ڕەحمەتی ئەحمەدتوفیق _ عەبدوڵلای ئیسحاقی وگەلێک لاوی تری مهابادی و... لە ڕێکخراوی لاوانی دێموکراتی کوردستاندا، دوای روخانی کومار، زۆرچالاکانە دێتە مەیدانی خەباتەوە.

سولەیمان لەسەردەمی لاویەتیدا لە کاری ڕێکخستنی لاوان دا زۆر چالاک دەبێ. دواتر دەوری کادری سیاسی دەبینی لەکاری سیاسی تەشکیلاتی دەبیتە کادرێکی باش و پوختە. لەدامەزراندنەوەی تەشکیلاتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەناوچەکاندا، ڕۆڵی خۆی دەبینێ.

سولەیمانی موعینی، لە تەنزیم و ڕێکخستنی تەشکیلاتی لاوانیشدا نەخشی بەرچاوی دەبێ و لە خۆپێشاندان و دەربڕینی نارەزایەتی دژی حکومەتی سەرەڕۆیی ئێرانێش دا ڕۆڵێکی کارگێڕ دەبینی.

دوای کودەتای 28ی گەلاوێژ سولەیمان دەگەڵ کۆمەڵێک لە لاوانی شاری مهاباد، کەوتنە بەرپەلاماری روکنی2و ژاندەرمەری، ئەوکات دەسگیر نەبوو، دەگەڵ کۆمەڵێک لاوی تر وەک شەهید قادرشەریف و... لە گوندەکانی ناوچەی مەنگورو گەورکان، وێرای تەبلێغات وتەنزیماتی سیاسی، خۆیان حەشاردەدەن و دەپارێزن. دوای ماوەیەک سولەیمان بە نیازی دریژەدان بەخوێندن، بەرەوتاران دەکەوێتە ڕێ و لە نێوان تەوریز، تاران بەهۆی ڕاپۆرتی سیخوڕەکانی حکومەتی ئێران، دەسگیردەکرێ. دوای ماوەی چەند ساڵ مانەوە لە زیندان، میرزاحەمەدەمینی باوکی بەدانانی بارمتەی10هەزار تمەنی، کە ئەو سەردەمە، پارەیەکی یەکجارزۆر بوو، لەبەندیخانەی ڕزگاردەکا.

سولەیمان باوکی پارەی دەداتێ کە هەم خۆی پێ بژیەنێ و هەمیش دریژە بەخوێندن بدات. دەگەڵ محەمەد بەحرولعلوم _محمدبحرالعلوم، (دوکتور رحیم) دوکانی وێنەگری بۆ دادەنێ. دوکتور رەحیم، بەجۆرەی کە شەهید سولەیمان بۆی باس کردوم، خێرا پارەکەی لێ قوت دەدا! سولەیمان ناچار دەگەڕیتەوە مهاباد.

دواتر لەمهاباد، دەگەڵ مریم خانمی خوشکی خەباتگێڕو نیشتیمانپەروەر، حەمەدی ڕەشی عومەری خەلکی سیاقوڵ زەماند دەکەن. بەروبوومی ئەوزەماوەندە کورێک دەبێ ناوی دەنێن سیامەند.

لە سەرماوەزی 1338هەتاوی دا، جارێکی دیکە حکومەتی حەمەرەزشا، هێرشێکی بەربلاوی هەمەلایەنە دەکاتە سەر ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەو هێرشە گشت شارو ناوچەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دەگرێتەوە، زیاتر لە200کەس لە ئەندامانی حیزب دەسگیر دەکرین و لە ئەبەدەوە تا دوو ساڵ زیندانیان بەسەردا دەسەپێنن. نزیکەی300کەس لە ئەندامانی حیزب، ڕوو دەکەنە باشوری کوردستان و زۆربەیان لە شاری سولەیمانی دەگیرسێنەوە. ئەو سەردەمە ڕێکەت دەبێ دەگەڵ سەرکەوتنی کودیتا بەنێوبانگەکەی عەبدولکەریم قاسم، دژی حکومەتی "مەلەکی" بنەماڵەی فەیسەلی عیراق.

سولەیمان بەرهێرش ناکەوێ و خۆی دەرباز دەکاو دەگاتە سلیمانی دەگەڵ هاورێیانی تری لەوێ یەک دەگرنەوە. ئەو دەم کاک ئەحمەد تۆفیقی رەحمەتی، لە باشوری کوردستان و عێراق بوو. لای بارزانی خوالێخۆشبوو، کە لەمێژ نەبوو لە سۆڤیەتەوە گڕابۆوە، خۆشەویست بوو. خۆی لە بەغدابوو، فەزای کوردستان ئەو دەم فرەخۆش بوو. بەلام مخابن؛ هەروەک ئێستا ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە سلێمانی تووشی نێوان ناخۆشی و لێکدابران بوون کە بەکورتە یادێک باسی ناکرێ، زۆر زوو لێکدابران؟

کاک سولەیمان وکاک ئەحمەد توفیق و مامۆستامەلاباقی رەحمەتی و شەهیدان قادرشەریف و مەلا سەیدرەشید، هەتا دەست پێکردنی شۆڕشێ ئەیلولی 1961لە شاری سلیمانی مانەوە. دواتر بەدەستپێکی شۆڕش، دەگەڵ بارزانی وەچیا دەکەون. کاک سولەیمان و کاک

ئەحمەد تۆفیقی، لە سەرەتای شۆڕشی کوردستاندا، نەخشێ زۆر بەرچاویان هەبوو، بەڵام مێژوو وەک دەڵێن: "کوێره هیچ نابینێ"؟ لە دابین کردنی خۆراک و پۆشاکەوە بگرە هەتا هێنانێ هەواڵدەرو ڕۆژنامەنووس لە بێرۆت... ئەوە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک" ئەحمەد تۆفیق وکاک سولەیمان" فایق ئەمین" لێپرسراوانە ئەنجامیان دەدا.

سولەیمان دوای 3ساڵ دووری لە کوردستان، بۆ زیندوو کردنەوەی کۆمیتەکانی تەشکیلاتی و کۆ کردنەوەی یارمەتی بۆ شۆڕشی ئەیلول، چالاکانە دەستی کردەوە بەخەباتی سیاسی لەوڵات. موخلیسی و فیداکاری کاک ئەحمەدتۆفیق و کاک "فایق"_ سولەیمان بۆ سەرۆک بارزانی، لە هیچ کەس شاراوە نیە. کورەکانی سەرۆک بارزانی لە هەمووکەس ئەوەی باشتر دەزانن! جا، ئێستا چاوی لێ دەپۆشن ئەوە شتێکی ترە؟! نزیکایەتی سولەیمان وئەحمەدتۆفیق لە بارزانی، هەتا گرتنی کۆنگرەی 2کە ڕیکەوتی سەرماوەزی 1343_دیسامبری1964 بەردەوام بوو. دابین کردنی خەرج وموخاریجی کۆنگرەی 2بەتەواوی بە چادرەوە هەتا چووکەترین پێداویستی، خودی بارزانی دابینی کرد!

دوای کۆنگرەش، هەتا بەهاری 1965 ئەو ڕەوتە درێژە هەبوو، بەڵام بە نهێنی و دوور لەچاوی کاربەدەستانی ساواک و شا. لەهەموو هەلومەرجێک دا، مەسڵەحەتی شۆڕشی کوردستان لەلایەن ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پارێزراوەو هەگیز خیانەتی پێ نەکراوە!

لە سەرماوەزی 1343هەتاوی دا کۆنگرەی 2گیرا، و کاک سولەیمان وەک ئەندامی ک.ن، لە کۆنگرەی 2دا هەڵدەبژێردرێ و دواتر، دەبێتە لێپرسراوی لکی 3ی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لە هاوینی1344 هەتاوی دا، لە سەر ئەو ئەرکەی کە لەلایەن حیزبەوە بۆ دیاری کرابوو (ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بۆ کاری تەشکیلاتی دا بەش دەکری بەچوارلک 1_4 هەر لکەی ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی لێدەبێتە بەرپرسیار ...) کاک سولەیمان هاوڕێ دەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەو کادری حیزب، بۆ کاری تەشکیلاتی و دامەزراندنەوەی شانەو کۆمیتەکانی حیزبی، لەهاوینی 1344دا، گەرانەوە بۆ ناخۆی وڵات. ماوەی 6_7مانگ لە ناوچەکانی سەردەشت و مهابادو بۆکان، خەریکی کاری تەشکیلاتی بوون. دوای تەواو بوونی وادەی دیاریکراو، گەرانەوە بۆ باشوری کوردستان، کە داستانەکەی لێرەداناگونجێ!

بە گەیشتنەوەی بۆ باشووری کوردستان، کە ئەو دەم بنکە لە سونێ بوو، لە لایەن مەکتەبی تەنفیزی شۆڕشی کوردستانەوە داواکران. چوون چاویان بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی کەوت. لەسەر ئەمری مەکتەبی تەنفیزی لەسنور دوورخرانەوە بۆ دۆڵەڕەقە. نزیک بە ساڵێک لە "دۆڵە ڕەقەو گوندی دێرێ" مانەوە. لەو ماوەیەدا لە سەر ئەمری ڕێبەرایەتی شۆڕشی کوردستان، ئەو سنورەی بۆیان دیاری کردبوون نەیان پەڕاند و نەگەڕانەوە بۆ وڵات !

لەو سەردەمەدا_ بەهاری 1966داحیزبی دێموکراتی کوردستان تووشی قەیرانێکی قوڵی بێ وێنەی ڕیبەرایەتی هات، کە مێژووی حدک دوای لەسێدارەدانی پێشەوای نەمر ، مێژووی ئەو حیزبە قەیرانی وەهابەخۆوە نەدیتبوو...

_کاک سەدیقی ئەنجیری بێ سەروشوین کرابوو. کاک باپیر، نحۆی پاشایی دەگەڵ چەندکادروپێشمەرگان، لە ناوچەی سەڵماس، شەهید کرابوون. کاک ئەحمەد تۆفیق دەگەڵ جەماعەتێک بەکردەوە لەحیزب جیا بوە، حیزبی لەت کردبوو. لەهەمان کاتدا. بارزانی ڕایگوازتبوو بۆ لای ئەسعەد خۆشەوی لە ناوچەی کانی ماسی... جگە لە هەمووی ئەوانە کادرەکان بۆیان نەبوو وەکوو پێشوو، بگەڕێنەوە بۆ دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

کاک سولەیمان دوای نەمانی کاک سەدیق و کاک باپیر، و شپریوی حیزب کەوتە بیری بەهێزکردنەوەی ڕێبەرایەتی. لەکۆمیتەی ناوەندی کە 6کەس بوون، دووکەس مابون_ کاک فایق و مامۆستامەلارەحیمی وردی.

کاک سولەیمان و مامۆستامیرزا ئەحمەد_ مەلارەحێم، زۆر بەجیددی لە هەوڵی داڕشتنەوەی ڕێبەرایەتی حیزب دابوون. ئێمەش پێمان وابوو کە دەبێ هەنگاوی جیددی بۆ هەڵگرین. هەرچەند، من بەشحاڵی خۆم کیسەم بۆ زۆرکەس هەڵدرووبوو، بۆ وێنە کاک حەمەدەمین!! زۆرکەسان بەڵێنیان دا کە هاوکاری بکەن و شان بدەنە بەر کاری سیاسی؛ کەچی هاتن بۆ کۆ بوونەوەی "دۆڵە ڕەقە"، بەڵام خۆیان بوارد بەبیانووی ئەوە کە کەسانی پیاوی حەسۆمیرخان و پاراستن، هاتوون؛ جارێ بابێدەنگی لێبکەین؟!! ئیتر ئیمە لەوێ ئەو جارە بڵاوەمان کرد. بەڵام هەر دوای کۆبوونەوە، کاک حەمەدەمین و کاک سەعیدکوێستانی و... هاتنەوە لە جیاتی هاوکاری کردن و بە هێزکردنەوەی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات، ڕۆژێک دەگەڵ کاک سەناری مامەدی و چەندکەسی تر "کومیتەی ئینقلابی"؟.

درروست کرد!! که خۆدی کاک سەعیدکوێستانی ناوی لە کتێبەکەی خۆیدا، بردون و بەڕاشکاوی باسی لێوە دەکا، بەڵام من لەسەر کۆبوونەوەی دەڵە ڕەقە، لێم ڕوونە کاک سەعید لەهەڵەدایەو جەرەیانەکە هەمووی وانیە؟!
هەر وەها منیش بەنۆرەی خۆم،لە نووسراوەکەی خۆمدا نووسیومە. کەسێک هەردوو نوسخەکەی خوێندبێتەوە و سەرنجی هەڵوێستەکان و ڕوداوەکان دابێ بە خاڵێکی موسبەت یان مەنفی دەگات! چوونکە من نووسراوەکەی خۆم بەر لەچاپکردن دابەکاک حەمەدمین و کاک سەعیدکوێستانی ونامەم بۆنووسین ئەگەر سەرنج تێبینی خاڵی جێگای پرسیاریان دەکەویتەبەرچاو بینووسن من چاپی دەکەم! هەروەها بۆ چەند برادەری کۆنی خۆم ناردوە. هەرکەس ئەڵاقەی بە چۆنیاتی ئەو ڕووداوەی ئەو سەردەمەی هەبێ، دەتوانێ لانیکەمی ئاگاداری لەو نووسراوانە دەست کەوێ!
سولەیمان بەراستی ئەو کورەبوو کە ناهومێدی نەدەناسی. بەحەوسەڵە و لەسەرخۆیی بە هۆ حیزبی شیوعی عێراقی، کەوتە پێوەندی گرتن دەگەڵ کاک کەریمی حیسامی. هەرچەند سولەیمان زۆر دژی حیزبی تودەی ئیران بوو، بەڵام لەو سەردەمەدا لایەنێکی سیاسی، جگە لەحیزبە چەپە سوننەتیەکان، کەس ئاوڕی وەجەریانی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان نەدەداوە! زۆرجارباسی تاوانەکانی حیزبی تودەی بۆ ئێمە دەگێڕاوە...

سولەیمان جگە لە بە هێزکردنەوە_ هەڵبژاردنەوەی ڕیبەرایەتی حیزب لە ناو شۆڕشی کوردستاندا، بیرۆکەی هیچ جۆرە جۆلانەویەکی چەکداری _ سیاسی نەبوو لە ڕۆژهەلاتی کوردستان. چونکە هێشتا ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، هەلومەرجی بۆ نەڕەخسابوو؛ سولەیمان ئەوەی باش دەرک کردبوو.
ئیتر لە مانگی مارسی 1967دا دەگەڵ عەبدوڵلاو مونتەقیم و ئەو کادرو پێشمەرگانەی دەگەڵی هاوکار بوون، هاتن بۆ ناوچەی باڵەک. چەند ڕۆژێک لەو ناوە بوون. مونتەقیم، کاک مستەفای شێخ عوبیدیللای زینوێ، بە فریوی برد، بێ قسەی هاوڕییانی،چوو بۆ هەولێرو بەدوایدا کەسێک کەوتە شوێنی! بەداخەوە مونتەقیمیان لەچەند لاوە بەفریو بردو بەگرتنیان دا، بەڵام ئەوەندە بەستەزمان و کەم سیاسەت بوو ئێستاش نەیزانی لەکوێی کلاو چۆتەسەر؟؟

بەدوای گیران و دەستبەسەرکردنی مونتەقیم، ئەوجار کەوتنە پلان دانان بۆ گرتنی کاک سولەیمان وکادروپێشمەرگەکانی تر، هەڵیانکوتا سەر بنکەی دێرێ، بەڵام بەخۆشیەوە سولەیمان، زوو دەکەوێتەخۆ، دەگەڵ کادروپێشمەرگەکان خۆیان دەرباز دەکەن.
(کاک سولەیمان کە دوورخرایەوە بۆ دۆڵە ڕەقە، 10ساڵ بوو، دووری لە ژن وکوڕەکەی لەکوردستانی عیراق دەژیا، ناردی کوڕەکەو خێزانی هێنا بۆ لای خۆی. لەو هەلومەرجەی ئەو سەردەمە، گەرەکی نەبوو، جگە لە چارەسەری قەیرانی ڕێبەرایەتی حیزب_ وەک گرتنی کونفرانسێک و... کارێکی تر بکات. ئەگەر مەبەستی کارێکی وەها بوایە دەگەڵ ئێمەی باس دەکرد.هیچ کەس ناتوانێ شۆڕش بەتەنیا بکات! )

ئەو ڕووداوە ناخۆشە لە مانگی خاکەلێوەی 1346_1967 بوو، پاراستن پەلاماری بنکەی "دێرێ" یدا کە، بیانگرنو تەسلیمی ئێرانیان کەنەوە. موعینیەکان و ئەو کۆمەڵە کادرو پێشمەرگەیە ناچار بوون، بەگەڕانەوەی وەڵات.
سولەیمان، پێوەندی بەهیچ جەرەیانێکی دژی شۆڕشی کوردستانەوە نەبوو! کورت و کرمانجی ئامادەش نەبوون خۆیان تەسلیمی عێراق بکەن، وتەی ناشیرنیان پێ بگوترێ ناوی: "بەکرێگیراو، یان "جاش" پی بگوترێ. لە جیاتی پەنابردن، بۆعێراق و ڕووکردنە وڵاتانی ڕۆژئاوا، ڕێگای نیشتیمانی خۆیان و باوەشی نەتەوەکەیان گرتەبەر. **لەهەمان حاڵدا، کەسانێک نەبوون کە مەرگ، و ناهومێدی کۆڵیان پێ بدا. ئازایانە، بەرگری لە بەکورد مانەوە و مافی ڕەوای نەتەوەکەیان، بەگژ داگیرکەر داهاتنەوە. بەو جۆرە پەیام و ڕسالەتی خۆیان بە نەتەوەکەیان ڕاگەیاند...**
دوای گەڕانەوەی کاک سولەیمان بۆ سنوری وڵات، مریەم خانمی خێزانی و سیامەندی کوڕی کە7 ساڵان بوو، لەلایەن کاک حەسۆ میرخانەوە، دەست بەسەرکران. ئەوە کارێک نیە کە مێژووی مرۆڤایەتی لە بیری بکات. دەگەڵ هەموو عورف و ئەخلاقیکی نێو نەتەوەیی بێگانە بوو! تەنانەت دەگەڵ ئەخلاقی عەشایریش نامۆ بوو، نەدەگونجا؟...

کاتێ نەیانتوانی کاک سەلەیمان دەسگیر بکەن، چەکدارەکانی شۆڕشی کوردستان، کەسانی وەک مام وسوو دزەیی، گڕکۆ ئێزیدی، ملازم ئەحمەد، عەبدوڵڵا ئاکۆ، مەحمودی حەمەڕەش... کەوتنە شوێنیان بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان، کە بە زیندوویی یان تەرمەکەیان بەمردوویی بدنەوە بەئێران؟

سولەیمان، دوای ماوەیەک مانەوە لە نزیک سنور، بەگشتی داپەڕینەخوار، لەسەر بەستەری تەشکیلاتی پێشووی خۆیان، دەستیان کرد بەتەنزیم و جۆڵانەوە، لە ناوچەکانی مهابادو سەردەشت وبانە و پیران شار...

لەسەر بڕیاری پێشوو، کەبەنامە دەگەڵ دەرەوە پێوەندی دەگرێ، کاک کەریمی حیسامی لە ئوروپاوە، هاوین و پایزی 1967 دووجار گەڕاوە بۆ عیراق، بەڵکوو بتوانێ بەجۆرێک چاوی بەکاک سولەیمان بکەوێ، بۆی نەکرا. ئێمە لە ناوچەی باڵەک دەستمان وێرا نە دەگەیشتن. هەتا زستانی 1968 دە گەڵ پێشمەرگەکان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، لەژێر هێرشی رۆژانەی جاش وژاندارم و هەوانیروزی شەهانشاهی زۆر باشیان خۆ ڕاگرتبوو. هەتا ئەو دەم تەنیا دوو شەهیدیان دابوو.

لەزستانی 1968دا بە هۆی حیزبی شیوعی عیراقەوە پێوەندیان پێوە گیرا، کە بێن بۆ سلێمانی. کاک حەمەدەمینی سیراجی و کاک سولەیمان گەڕانەوە بۆ سلێمانی لەوێ حیزبی شیوعی، دەفتەر نفوسی ساختەیان بۆدەکەن، دەچن بۆ بەغدا بۆ چاوپێکەوتنی دوکتور ڕادەمەنیش و دوکتور قاسملو، کاک کەریمی حیسامی. کاتێ ئەوان گەیشتنە بەغدا، هەواڵیان نارد ئێمەش چووین بۆ بەغدا. دوای نزیک بە 13مانگ، دووری لەیەکتر، بەدیتنی یەکتر شادبووینەوە...

کاک سولەیمان، لەبەغدا دەگەڵ شەهید دوکتور قاسملو، کاک کەریمی حیسامی، و دوکتور رەزای ڕادمنش، چاویان بەیەکتر کەوت و... دوایی ئێمە گەڕاێنەوە...

دوای چاوپێکەوتن و تەواو کردنی کاروباریان، کاک سولەیمان دەگەڵ کاک حەمەدەمینی سیراجی دەگەڕێنەوە بۆ سلێمانی. کاک حەمەدەمین دەگەڕیتەوە بۆ دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لای هاوڕێیانی. کاک سولەیمان، لە سلێمانی لەسەر مریم خانمی خێزانی و سیامەندی کوڕی بەجێ دەمێنێ . هەتا دوایی مریەم خانم و سیامەند دەگەنەلای. لە سلێمانی بە هۆی خوالێخۆشبوو. شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی نەمر، خانوێکیان بۆ دەگرن و....

دواترکاک سولەیمان و کاک خەلیل شەوباش، کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ لای هاوڕێکانی خۆیان، بە هۆی قالە تەگەرانی کە دوست وناسیاوی لەمێژینەی دەبێ؛ داوای لێدەکات بەڵکوو بیانگەێنێتە سنور، بگەڕێنەوە. وەکوو گوتراوە: ناوبراو، پیاوی ئیران و پاراستن دەبێ! بەکورتی بۆ سەدیق ئەفەندیان دەستنیشان دەکا؛ لە ڕیگای سیتەک و سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە شوێنەکەم لە بیر نەماوە؛ لەلایەن سەدیق ئەفەندیەوە دەگیرێن و دواتر، بەڕی دەکرێن بۆ دیلمان بۆ بارەگای بارزانی؟

ماوەیەک پێشتر، بەهۆی دارا تۆفیقی شەهیدو دوکتور رادەمەنیش، جەرەیانی هاتنی سولەیمان بۆبەغدا، بێ شاردنەوە، بە بارزانی دەگوترێ. بەڵام بەداخەوە، دوای ئەوە کە سولەیمانی دەگرن و دەیهێنن بۆ لای بارزانی، دەستور دەداو شەهید دەکرێ! لێرە داهەمووشت بۆ نووسین نابێ؟

( دیارە کاک مەسعود بارزانیش، کورتەیەکی لەکتێبەکەی خۆیدا، لە بارەی کوشتنی کاک سولەیمان نووسێوە؟ بەڵام بەهەق سەرۆکی کوردستان نەدەبوو بەو جۆرە ناعادڵانەی نووسیبا؟!! مخابن لە کوردستان زۆر تراژیدیای ئەو جۆرە ناخۆش، ڕوویانداوە، نموونەی زۆر بەرچاو، شەهید کردنی، حەمەداغای مێرگەسۆر، فاخرو کوڕەکانی تری حەمەداغا بوون. ئەو بەسەرهاتە تاڵە ڕۆژێک لە ڕۆژانی ڕابردوو بوە، و ڕووی داوە! ئەوە کە سەرۆکی کوردستان ئازایانە، دەگەڵ بنەماڵەی حەمەداغای ئاشتبۆتەوە یان ئاشتی کردونەتەوە، دەبێ بڵێین هەراز جارئافەرین!... کارێکی باش موسبەت بوە. بەڵام دەبوو ئەو کارەشی دەگەڵ بنەماڵەی موعینی کردبا. دەبوو دەگەڵ ئەوانیش ئاشت بباوە،و هێندێک لە ئێش وئازارەی کۆرو کچ و خوشک و براکانی کەم کردباوە، زۆر باشتر دەبوو لەو بێدەنگیە و نووسینی ئەو چەند دێڕەی... لە سەر کوژرانی سولەیمان!)

بەهەرحاڵ بە دەستوری سەرۆک بارازانی شەهید دەکرێ و تەرمەکەی دەدرێتەوە بە حکومەتی ئێران! بەڵام بە داخەوە هەتا ئێستاش تەرمی خەلیل شەوباش نەزانرا لە کوێ ژێر گڵ کرا؟ درێژەی ئەو باس و بەسەرهاتەم لە نووسراوەکەی خۆمدا نووسیوە لێرە دا، هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێداوە گەرەکم نیە کۆنەبرینان بکولێنمەوە!

دوای تەحویلدانەوە بەئێران، تەرمی  کاک سولەیمان ڕۆژێک لە پیرانشاری لە بەر دەرگای ژاندەرمەری لە دار دەبەستن و دەیکەن بە پێشانگا، بۆ چاوترسێن کردنی ڕۆڵەکانی کورد؟ لە پیرانشار خەڵک بەدیتنی تەرمی خوێناوی سولەیمان قین و نفرەتی خۆیان دەردەبڕن، حکومەت زۆر زوو هەستی پێدەکاولێی تێدەگا، ئیتر دەیبەنەوە بۆ مهابادو تەرمی بێ گیانی تەسلیمی باوکی جەگر هەڵقرچاو، و بنەماڵەکەی دەکەنەوە، لە رۆژی هەینی 1968/5/17لە_1347/2/27 لە گۆرستانی بداخ سولتان لە شاری مهاباد بە خاکی نیشتمان ئەسپێردرا،و هاتەڕیزی شەهیدانی نەمری کوردستان، وەک پێشەواو، بوو بە قارەمانی نەتەوەیی گەلی خۆی! ڕوحی نەمری شاد!

**کورتە ژیانی "عەبدوڵڵای موعینی"**

عەبدوڵڵای کوری میرزا حەمەدەمین موعینی، براچوکەی سولەیمانی موعێنی یە و شەهیدی دووهەمی بنە ماڵەی موعینی یە! عەبدوڵڵا لە دایکبووی 1943/04/14_1324/01/24شاری مهابادە.عەبدوڵلا لەقوتابخانەی سەعادەتی شاری مهاباد و سەعدی دەورەی سەرەتایی، ودەورەی ناوندیشی لە قوتابخانەی _ دبیرستان، محەمەدرەزاشا، لە مهاباد تەواو کردوە.
عەبدوڵلا بە پێرەوی لە سوننەتی بنەماڵەکەیان لە سەرەتای لاویەتیەوەو دەستی کردوە بەخەباتی سیاسی نهێنی. لە بەر کاری سیاسی کوردایەتی، لەلایەک، ماوە پێ نەدانی ساواک لەلایەکیتر، نەیتوانی درێژە بەخویندنی زانکۆ بدات ، وەکوو برا گەورەکەی_ سولیمان، ناچارکرا شار بەجێ بێڵێ و رووبکاتە چیا.
عەبدوڵلا لەسالی 1343_1964دا بەهۆی هیرشی ساواک بۆ سەر ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەگەڵ جەماعەتێکی زۆرلە ئەندامانی حیزب، خۆیان بەدەستەوە نادەن و ڕوو دەکەنە ناو شۆڕشی باشووری کوردستان. عەبدوڵلا لە مانگی خاکەلێوەی 1964_1343هاتە سەنگەسەر. ئەو دەمە بنکەیەکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەنگەسەر بوو. عەبدوڵڵا لەهاوینی ئەوساڵەدا، کاک ئەحمەد تۆفیق دەگەڵ دوو خوێندکاری تر ڕوانەی کردن بۆ بەغدا کە ئەگەر بۆی بکرێ بینێرێتە دەرەوە_ ئوروپا بوخوێندن. دوای ماوەیەک مەحتەل بوون لەبەغدا، سەفەرەکەی بۆنەکراگەڕاوە سەنگەسەر. ئەوجارەدەگەڵ بەشی تایپ وچاپەمەنی دەستی کرد بەکار. عەبدوڵلا لاوێکی خاوەن ئەنێرژی و بە حەوسەلە و پشتکاربوو. لە کۆنگرەی2دا بەئەندامی چاوەدێری هەڵبژێردرا.
لەهاوینی 1965دا دەگەڵ کاک سولەیمان و کۆمەڵێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بۆ کاری تەشکیلاتی، گەڕاوە ناوخۆی وڵات. ماوەی 6_7مانگ لە ناوخۆی وڵات ماوە. عەبدوڵڵا دەگەڵ ئەوە کە لە شار مەزن ببوو، سەربازی نەکرد بوو، کوردە گوتەنی هێشتا زۆری چەرمەسەری ژیانی نەچێشتبوو، بەڵام هەتا خوا حەزدەکا ئازاو نەترس بوو! وای خۆیپێشان دەدا کە قەت لە شار گەورەنەبوە. پارتیزانێکی بەتەواو مانابوو. دوای ئەوە کەکاک سولەیمان گەڕاوە، دەگەڵ کاکی و کۆمەڵیك لە کادروپێشمەرگە دوور خرانەوە بۆ "دۆڵە ڕەقە". هەتا ئەو دەمەی کە کەوتنەبەر پەلاماری پاراستن و شۆڕشی کوردستان هەر لە "دولە رەقە" و "دێرێ" ماوە.
دوایی کە ناچاربوو دەگەڵ کاکی و ئەو کۆمەڵە کادرو پێشمەرگەیە، کوردستانی باشوور بەجێ بێڵن، روویان کردەوە وڵاتی خۆیان.
عەبدوڵلا لە یەکەم دەرگیری دا، لە چیای سپی سەنگ بریندداربوو. لەو دەرگیریەدا عەبدوڵڵا ئازایی و بوێری خۆی نیشاندا. دوای دەرگیری بۆ دەرمان کردنی برینەکەی گەڕاوە بۆ ناوچەی سولەیمانی چوە ماڵی شیخ لەتیفی شێخ مەحمودی نەمر. بەهۆی شیخ لەتیفەوە، دوکتوران تەداویان کرد، پاش چاکبوونەوەی برینەکەی خێرا گەڕاوە لای هاوڕێکانی، لە ناوچەکانی مهاباد و بۆکان وسەردەشت، لە جەولە دابوون. عەبدوڵلا دوای شەهید بوونی کاک سولەیمانیش بێ وچان خەرێکی کاری سیاسی و بەرگری کردن و دارشتنەوەی ڕێبەرایەتێکی بەهیز بوو. دەگەڵ هەموو بێ ئیمکاناتی و هێرشی بەربڵاوی لەشکری شاهانشایی، سەنگەری غیرەتی چۆل نەکردو کوردستانی بەجێ نەهێشت. مردنی لە پێناو ڕزگاری گەلە چەوساوەکەیدا، بەلاوە خۆشتر و بە چێژەتر بوو لەتەسلیم و مەتەرێز چۆل کردن!
هەتا ئەو ڕۆژەی کە دەگەڵ هاوڕێی بە جەرگ و ئازای مینەشەم، بوێرانە درێژە بەخەباتی سیاسی نیزامی خۆیان دەدن. مخابن شەوی 1347/3/30لە نزیک گوندی قالوێی ناوچەی گەورکی مۆکریان، لەشکریکی لە ڕدەبەدەری ژاندارم وجاش وهەوانیروز، ئابلوقەیان دەدن. لەو شەرە نابەرانبەرەدا عەبدوڵڵا و مینە شەم، شەهید دەکرین. ئیتر عەبدولڵا لە 30ی جۆزردانی 1347دا. لە سەنگەری شەرفدا لە پێناو ی بەرگری لە گەلە بێ مافەکەیدا، دەگەڵ مینەشەم، دڵە پرلە ئاواتەکەیان بە گوللەی داگیرکەرانی کوردستان، لە لێدان دەکەوێ و چاوەکانیان لێکدەنێن؛ ولاپەڕەیەکی ترلە مێژووی خەباتی خوێناوی نەوەتەوەکەیاندا، ئازایانە و سەربەرزانە، بەخوێنی خۆیان دەرەنگێنن و تۆماردەکەن، بەڕوحێکی شادەوە ماڵئاوایی لەگەل ونیشتیمان دەکەن. ئەوجارە لەشکری ژاندارمەری ئیران، تەرمی عەبدوڵلاو مینەشەم نادەنەوە بنەڵەکانیان، شەو بەدزی ڕەوانەی پادگانی جەڵدیان یان پیرانشاریان دەکەن، تەرمەکانیان دەشارنەوە! ئا بەو جۆرە ئەوانیش بەسەری بەرزەوە، تیکەڵ بە کاروانی شەهیدانی کوردستانی داگیرکراو بوون.
بۆیە هێمنی نەمرلەبارەیان دەڵێ: بەناهەق خوێنی تێکۆشەر دەڕێژن_ شەهیدی بێ سەرو بێ شوێن دەنێژن.

**کورته ژیانی "سه‌عید_خانه"**

سه‌عیدی موعینی که له نێوبنه‌ماڵه‌که‌یدا به "خانه" ش نێودێر کراوه.

خانه، له دایکبووی 1330ی هه‌تاویه_1951زایینی یه. خویندنی سه‌رتایی له قوتابخانه‌ی سه‌عدی ودەوره‌ی ناوەندی له قوتابخانه‌ی ناوەندی حه‌مه‌ره‌زاشا، له ڕشته‌ی ماتماتیک دا، ته‌واو ده‌کا. له کونکوری دانیشگادا له‌به‌شی ئامار و ئینفۆڕماتیک، له‌زانکۆی تاران وه‌رده‌گیرێ. له تاران ده‌گه‌ڵ کومه‌ڵێک لاوی کوردی خه‌باتگێری چه‌پ، ده‌بیته هاوبیر وهاوکار. سه‌عید_ یان خانه، له سه‌ر ڕه‌وتی بنه‌ماڵه‌که‌ی، ده‌ست ده‌کا به‌خه‌باتی سیاسی نهێنی. ساواک له‌خانه ده‌شک ده‌که‌وێ. دوای ماوه‌یه‌ک چاوه‌دێری ساواک داده‌بێ، دواتر ڕۆژێک له پارکی خویندکارانی زانکۆی تاران، له‌لایه‌ن کار به‌ده‌ستانی ساواکه‌وه ده‌ستبه‌سه‌ر ده‌کرێ. ده‌یهێننه‌وه ماڵ، دوای پشکنینی شوێنه‌که‌ی، ده‌گه‌ل ئه‌وه هیچ نادۆزنه‌وه دیسانیش هه‌ر ده‌یبه‌ن و ده‌یگرن. ماوه‌یه‌کی زۆر بێ سه‌روشوێنی ده‌که‌ن، دواتر به‌هه‌وڵی دوکتور مستافای ئه‌عله‌م، که خزمی بنه‌ماڵه‌ی موعینیه له تاران، ده‌توانن دوای چه‌ند مانگ سه‌روسوراخی بکه‌ن. دوای سێ ساڵ ونیو زیندانی و ئه‌شکه‌نجه‌یه‌کی زۆر، له خه‌رمانانی 1356له‌زیندان ئازاد ده‌کرێ. دوای ماوه‌یه‌ک ده‌ست ده‌کاته‌وه به‌خوێندن، ده‌رسه‌که‌ی ته‌واو ده‌کا. ده‌گه‌ڕێته‌وه مهاباد. زیندان و شکه‌نجه کۆڵی پێ نادا، له‌سه‌ر خه‌باتی دژی ڕژێم سورترو چالاکتر ده‌بێ. جێگای بیر هێنانه‌وه‌یه! خانه‌ئه‌ندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان نابێ، هه‌ر وه‌ک گوترا ده‌گه‌ڵ کۆمه‌لاوێکی خوێندکاری کورد، خۆیان ڕێکخراوێکی چه‌پی سه‌رده‌میانه پێک دینن _ دواتر ده‌بێته کۆمه‌ڵه. بۆ ده‌وری سیاسی نیزامی ڕه‌وانه‌ی ناو یه‌کیه‌تی نیشتیمانی کوردستانی ده‌که‌ن، له سنوری باشووری کوردستان. له‌وێ به مامۆستاقادر ده‌ناسرێ. دوای ماوه‌یه‌ک مانه‌وه‌ی له‌وێ، رۆژێک ده‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵه پێشمه‌رگه‌یه‌کی یه‌کیه‌تی، له‌نزیک ماوه‌ت. حکومه‌تی به‌عس، شوێنه‌که‌یان هه‌ڵده‌نی، و به‌لشکرێکی زۆره‌وه ده‌وریان ده‌ده‌ن ده‌گه‌ڵ چه‌ند پێشمه‌رگه‌ی یه‌کیه‌تی نیشتیمانی له شه‌ڕێکی نابه‌رانبه‌رداله ڕۆژی1978/6/21له‌نزیک ماوه‌ت شه‌هید ده‌کری. به‌و جۆره ده‌بێته سێهه‌مین شه‌هیدی بنه‌ماڵه موعینه‌کان و ئه‌ویش له‌پیناو گه‌له چه‌وساوه‌که‌یداخۆی تیکه‌ڵێ کاروانی شه‌هیدانی کوردستان بۆوه!

روحی به‌رزی شاد!

لێره‌دایه ده‌بێ جارێکی تر درووردی بێ پایانی خۆمان، بنێرین بۆ گیانی پاکی سه‌رۆکی ئه‌و بنه‌ماڵه‌یه میرزاحه‌مه‌ده‌مینی موعینی. ئه‌و رۆڵه‌کانی خۆی به‌و جۆره په‌روه‌رده‌کردن بۆ کورد. خه‌ڵک ... ده‌کاته قوربانی؛ به‌ڵام ئه‌و به‌و هه‌ست وشعوره‌ی که بووی ، کوڕه‌کانی خۆی به‌وجۆره په‌روه‌رده‌کردو کردنی به قوربانی بۆ گه‌ڵی کورد، داخوا، ئه‌مه‌گ و ئاوڕدانه‌وه‌ی خه‌ڵکی کوردو ڕێکخراوه‌کانی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان، له‌و مرۆڤه‌و بنه‌ماڵه‌که‌ی چۆونه؟ ئاخ له‌ده‌ست ئه‌و مێژوه کوێره!

2009/6/20_31388/30ستوکهوڵم _سوید محه‌مه‌دی خزری

بیوگرافی بنه‌ماڵه‌ی موعینی له سه‌ر میرزاحه‌مه‌ده‌مین و عه‌بدوڵلاو سه‌عید، له‌سیامه‌ندی موعینی وه‌رگیراوه!